# بواری پۆست لە کوردستان لە بووژانەوەدایە

ئامادەکردنی : باوکی شەپۆل



**سەرەرای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای گەیاندن، کەچی بواری پۆست لە جیهان هێشتا بایەخی خۆی لە دەست نەداوە، لە کوردستانیش لە دوای راپەرین بەهۆی ئەو بارودۆخە سیسیەی هاتە ئاراوە بواری پۆست دووچاری سیستیەیکی زۆر هات بەلاَم بەخۆشیەوە لە دوای روخانی رژێمی بەعسی لە کوردستان هەوڵەکان دەستیان پێکردووە بۆ گوروتین دانەوە بە بواری پۆست و لە بەردەم بووژانەوەیەکی باش دایە . بۆ رۆشنایی خستنە سەر ئەم بوارە گۆڤاری گەیاندن ئەم رێپۆتاژەی سازداوە لەگەڵ بەرێز (تەها مستەفا ئەحمەد)بەرێوەبەری پۆست لە دیوانی وەزارەتی گەیاندن.**

**· ئێستا جموجۆڵی پۆست لە کوردستان تاچەند چالاکە ؟**

جموجۆڵی پۆست لە کوردستاندا تا رادەیەکی باش هەستی پێدەکرێت و کاری بۆ دەکرێت ، دیارە وەزارەتمان بۆ ئەوەی پۆست لە کوردستاندا چالاکتربێت و رۆڵی خۆی ببینێت بەرنامەی بۆ کراوە، دیارە ئەرکی پۆست تەنها هێنان و بردنی نامە نیە بەڵکو زۆر ئەرکی تریشی لە ئەستۆدایە بەلاَم بەداخەوە پۆستی عێراق ئەوەندە گرنگی پێنەدراوە تاوەکو پۆستی ولاَتانی تر بە دروستی رۆڵی خۆی ببینێت. چونکو هوشیاری گرنگیەتی پۆست لای خەڵک ئەوندە نەبووە هەتا بە تەواوی بزانن پۆست چی یە .




**·هێنان و ناردنی پۆست بە چەند رێگاوە ئەنجام دەدرێت؟**

هێنان و ناردنی پۆست لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستانە، لە دەرەوە لە دوو هێلدا ئاڵ و گۆری پۆست دەکرێت، یەکەمیان لە رێگای فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و بە هۆی هێلی ئاسمانی عیراقەوە ، ئاڵوگۆری پۆست لەگەڵ هەموو ولاَتانی جیهانیش دەکرێت بە تایبەتی ولاَتانی ئورپا و بە شێوەیەکی بەرچاو ناردن و هاتنی نامە و پێچراو و کەل و پەل زیادی کردووە، هێلی دووەم لە رێگای پۆستی تورکیایەوە کە (3)سندوقی پۆستمان لە خاپور هەیە و بە ناونیشانی (پۆستی کوردستان)،و

سالانێکی زۆرە واتە لە دوای راپەرینەوە ئەم هێڵەی ئاڵ و گۆڕی پۆست لە خاپور هەیە و کاری پێدەکرێت .

**خێرایی هاتن و ناردنی پۆست بۆ دەرەوە لە چ ئاستێکدایە؟**

ناردن یاخود هاتنی پۆست لە دەرەوە لە رێگای فرۆکەخانەوە کە ماوەکەی لە (7-10)رۆژە و هەوڵیش دەدرێت ماوەکە کەمتر بکرێتەوە بەڵام لە رێگەی پۆستی تورکیاوە (15 تا 20)رۆژ دەخایەنێت و نرخەکانیش زۆر گونجاو و شیاون کە هەموو هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی دەتوانن سوود لە پۆست وەربگرن ، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە ئاماری مانگی (10/2006)بکەین لەم مانگەدا (107)کیسە لە نامە و کەڵ و پەل ڕەوانەی دەرەوە کراوە و (156)کیسەش لە دەرەوە گەیشتووە دیارە ئەمە جموجۆڵێکی گەرمە کە پۆستی کوردستان بەخۆوەی دەبینێت بەڵام ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین دۆزی پۆست چالاک تر بکەین .

**· هاوووڵاتیان تا چەند پۆستی ناوەخۆ بەکار دەهێنن ؟**

★ بۆ ناوەخۆ لە لایەن هاووڵاتیانەوە پۆستکە کەمتر بەکاردێت بەهۆی بوونی ئامرازە خێراکانی گەیاندن بە تایبەتی مۆبایل و نامەی ئەلکترۆنی ، بەڵام دام و دەزگاکانی حکومەت لە هەرێم کار بە پۆست دەکەن .

**· بۆ ناردنی پۆست چ جۆرە پوولێک بەکار دێنن ؟**



سندوقی پۆست

★ بۆ پۆستی ناوەخۆیی پوولی هەرێمی کوردستان بەکاردێنین بەڵام بۆ پۆستی دەرەوە پوولی پۆسەی عێراقی بەکاردێنین .

**·بۆچی بۆ دەرەوە پوولی عێراقی بەکار دێنن ؟**

★ ناتوانین پوولی پۆستی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە بەکاربێنین چونکە دەبێت پۆستی کوردستان ئەندام بێت لە یەکیەتی پۆستی جیهانی و هەر وڵاتێکیش ئەندام نەبێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوا لە یەکیەتی پۆستی جیهانی بە ئەندام وەرناگیرێت ، بە هیوام ئێمەش لە نزیکترین دەرفەتدا ئەو خەونەمان بێتە دی و ببینە ئەندام لە نەتەوەیەکگتووەکان و یەکیەتی پۆستی جیهانی .

**·داواکاریتان بۆ هاووڵاتیانی کوردستانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان چیە ؟**

★ بەر لە هەموو شتێک دەمەوێ قسەیەک لە بارەی راگەیاندنەکانەوە بکەم بە تایبەتی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان کە لە شار و شارۆچکەکاندا هەر کەناڵێک بۆخۆی سندوقی پۆستی داناوە کە ئەمە کارێکی نا یاساییە و داوایان لێدەکەین لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆست و سندوقی پۆست بەکرێ بگرن کە بە نرخێکی زۆر گونجاوە و لە رووی داراییەوە بۆ ئەو کەناڵانە نابێتە بار قورسی و بە زووترین کاتیش پێ دەگات کە رۆژانە لە لایەن کارمەندانی پۆستوە سندوقەکانمان بەتاڵ دەکرێن و دابەش دەکرێن و دەگەینرێنە شوێنی مەبەست ، بە دڵنیاییشەوە کار ئاسانیەکی زۆر باش دەبێت بۆ ئەو کەناڵانە . هەروەها بە هاووڵاتیان رادەگەیەنم بۆ ناردنی نامە و کەڵ و پەلەکانیان پۆستی کوردستان ئامادەی خزمەتکردنیانە بەشیاوترین نرخ و بە خێراتریش دەگەینرێتە شوێنی مەبەست و بەکارهێنانی پۆستش بۆ ئەو مەبەستە کارێکی شارستانیانەیە.

**·لە بواری پۆست بەرنامەتان چیە ؟**

★ ئێمە دەمانەوێ بە بەرنامەیەکی

تازەوە گوروتین بە بواری پۆست بدەینەوە لە کوردستان چونکە لە دوای راپەرین ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەی پێیدا تێپەربووین کاریگەری زۆر خراپیان بەسەر بواری پۆستدا هەبوو ، ئێمە ئێستا کاردەکەین بۆ دانانی (Postcood)لە شارەکانی کوردستان و ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ پێشخستنی پۆست ، بەشێکی تری بەرنامەکەمان دەستپێکردنی خزمەتگوزاریەکانە کە لە پۆستی ولاّتانی جیهاندا پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێت وەکو داەشکردنی مووچەی خانەنشین و چاودێری خێزان، کە ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە بە تایبەتی بۆ خانەنیشینان کە مانگانە لە بەرامبەر برە پارەیەکی کەم دابەشکاری پۆسّت مووچە دەگەینێتە ماڵەوە و بۆ خۆشی لەو تەمەنەیدا رزگار دەبێت لە هاتوچۆ و ریزگربەستن بۆ وەرگرتنی مووچەکەی و لە هەمان کاتدا قەرەباڵغی نێو بانقەکانیش کەم دەبێتەوە ، ئەو خێزانانەی مووچەی چاودێری خێزان دەیانگرێتەوە بەهەمان شێوە دەبێت .

هەروەها کردنەوەی بەشی پاشەکەوت (توفیر)کە جاران لای ئێمەش هەبوو بێجگە لە سوود و قازانجە ئابوورییەکەی پاشەکەوتکردن زۆر ئارەزوویەکە لای مرۆڤ کە بەداخەوە ئێستا بەشی پاشەکەوت (توفیر)مان نیەو هەوڵیش دەدەین سوودی زیاتر لە کادیرانی شارەزاو تایبەتمەند لە بواری پۆست وەربگرین چونکە دەبێ ئەوە بزانین پۆست لەسەر ئاستی جیهان تەنانەت بە ولاّتانی هەرە پێشکەوتووشەوە جێگای بایەخ و گرنگی پێدانی خەڵک و حکومەتە و ئەرکەکانی کۆتایی پێنەهاتووە .

سوپاس بۆ ئەم بەسەرکردنەوەیە بە هیوای سەرکەوتنی زیاتر و بەردەوامی گۆڤاری (گەیاندن ) .

## نووسەرانی بەرێز بۆ ناردنی بابەتەکانیان، تکایە سەرنجی ئەم خالانەی خوارەوە بدەوە:

گۆڤاری گەیاندن ئەم بوارانە لەخۆ دەگرێت:

١. سیستەم و جۆری بگۆرەکان بە هەموو جۆرەکانی (نۆرمال، مۆبایل، وایەرلێس)
٢. ئنتەرنێت و جۆرەکانی ISP
٣. IT بە هەموو بوارەکانی
٤. تراسل و مایکرۆویڤ
٥. تۆری کێبلات: دەنگی، کێبلی روناکی
٦. پۆست
٧. کاریگەری گەیاندن لە سەر لایەنەکانی ژیان.
٨. کاریکاتێر

لە نوسینی بابەتەکان رەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکەن:

١. ئەگەر بابەتەکەت وێنەی پەیوەست بە بابەتەکەی هەبوو، باشتر وایە بنێری با لە ناو فۆلدەرێکی جیا بێت و لە ناو نوسینەکەشت ئاماژەی بە شوێنی وێنەکە پێ بکەی.
٢. نوسینەکان با بە فۆنتی زانست بێت(بە پرۆگرامی «MS Word» بابەتەکە بنوسەوە).
٣. ئەگەر بابەتەکە وەرگێردراو بوو، ئاماژە بە سەرچاوەکان بکرێت، و ناوی نوسەری سەرەکی بنوسرێت و دەقی بابەتەکەش بنێرن.
٤. هیچ بابەت و وێنەیەک ناگەردرێنتەوە، و ئەبێتە مولکی ئەرشیفی گۆڤار.
٥. ئەو بابەتانەی کە لە گۆڤار و رۆژنامەی تر بلاو کراوەنەتەوە، تکایە بۆ گۆڤاری گەیاندنی مەنێرن.

نووسەرە بەرێزەکان دەتوانن پەیوەندی بە بەشی پەیوەندییەکان و راگەیاندنی وەزارەت بکەن.یا خود بە ئیمەیلی info@moc-krg.com بابەتەکانیان بۆمان بنێرن.

تێبینی: هەر بابەتێک کە بڵاو بکرێتەوە، نووسەرەکەی پاداشت دەکرێت.